# پشتیوانی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەدیاریکردنی رۆژی ٨/٢١ ، وەکو رۆژی دادپەروەریی لە کوردستان

بەناوی رۆژنامەنووسانی کەرکوك و ستافی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە، پشتگیریی خۆمان لەو هەنگاوە دەکەین کە رێکخراوی چاك ناویەتی بۆ دەستنیشانکردنی رۆژی ٨/٢١ وەکو رۆژی دادپەروەری لە کوردستان. ئەم هەنگاوە لە کاتێکدایە کە بڕیاری دەستگیرکردنی موستەشارە ئەنفالچییەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە دراوەتە پۆلیس بە مەبەستی گرتنیان و راپێچکردنیان بۆ بەردەم دادگا. پێمانوایە پشتگیری کردن لە دیاریکردنی رۆژی ٨/٢١ وەکو رۆژێکی تایبەت بە دادپەروەری لە کوردستان، دەبێتە زەنگێك بۆ ئەوانەی دژی ئازادی رادەربڕین و ئازادی رۆژنامەگەری و قۆرخکردنی دەسەڵاتن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لە باشووری کوردستان. بە هیواین رۆژی ٨/٢١ بە فەرمی بکرێتە رۆژی دادپەروەری لە کوردستان.

**لقی کەرکوکی**

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**٢٠١١/٨/١٤**